Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080102

# خوێندنی زمانی دایكو بنیاتنانی كەسێتی

شیلان عومەرحسێن

زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی زمان/ بەشی زمانی كوردی

*Article Info*

Received: January, 2021

Accepted :February,2021

Published :April ,2021

*Keywords*

خوێندنی زمان، زمانی دایك، زمان و كەسێتی

*Corresponding Author*

barham.ahmed@univsul.edu.iq

fuad.ahmed@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئامانج لە لێكۆڵینی(خوێندنی زمانی دایكو بنیاتنانی كەسێتی)، پەسنكردنی زانستییانەی بەهاو ئەركی زمانی دایكە لە، بنیاتنانو ڕەنگڕێژتنو نەخشاندنی پێكهێنە بنەڕەتییەكانی كەسێتی ئاخێوەرو قسەپێكەرانی، بە تایبەت كە هەردوو كردەی زمانپژانو بنیاتنانی كەسێتی شانبەشانی یەكترو لەهەمانكاتدا(لە لەدایكبوونەوە-پێنج ساڵی)، دەخەملێنو كامڵدەبن. گرنگی ئەم لێكۆڵینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ، كە زمانی دایك تاكە هۆكارو تێكردەی كارایە بۆ ئاوەزو ژیری مرۆڤ، تواناو كاریگەری زمانی دایك، وەك كردەیەكی ئاوەزیی‌و ژیریی، ڕۆڵی كرۆكی لە پێدانی زانیاریی‌و چاندنی بەهاو پەرەپێدانی لێهاتوویی‌و مرۆڤسازیدا هەیە و لەمڕوانگەیەشەوە گرنگە لە ڕۆڵی هەنوكەیی‌و هەستیاریی‌و بەهاداریی خوێندنی زمانی دایكو خوێندن بە زمانی دایك بە تایبەتی، لە بنیاتنانی كەسێتی تاكو لەوانیشەوە لەخێزانو كۆمەڵ بدوێین، بۆ ئەمەش پێویستە ئەم گریمانەو پرسانەی خوارەوە تاووتێبكەین:

1. بابەتی زمانی دایكو بنیاتنانی كەسێتی بۆ؟

2. ئایا چ پەیوەندییەك لە نێوان خوێندن بە زمانی دایكو بنیاتنانی كەسێتی ئاخێوەرانیدا هەیە؟

3. ئارێشەو گرفتەكانی ئاخێوەران، كە لە پەراوێزخستنو داخورانی زمانی دایكەوە دەكەونەوە كامانەن؟

4. كەی؟ چۆن؟ بۆچی؟ ئاخێوەری ڕەسەن دەبێت فێرزمانی دووەمو سێیەمو...تاد، ببێت؟

لێكۆڵینەكە  بە سێ بەش، پەسنی وەڵامی پرسەكانی لێكۆڵینەوەكەو شرۆڤەكردنی گریمانەكانی كردووەو نموونەو بەڵگەی پێویستی لە پڕۆگرامی خوێندنی زمانی كوردی/قۆناغی بنەڕەتی، بۆ پاسادانی بیردۆزەی وابەستەیی زمانی دایك بە چاندنی بەهاكانو بنیاتنانی كەسێتی ئاخێوەرانی هێنراونەتەوە.

## (1/1 زمانی دایك:

بابەتی زمان بەگشتیو زمانی دایك بە تایبەتی، بە بابەتی نێو زانستی(Interedisplinary)،یان بە زانستی فرەپسپۆڕیی(Transdisplinary)، پەسنکراوەو ڕەگی لە هەموو زانستەکانی تردا داکوتاوە، بایەخوگرنگیو ڕۆڵیان، وایانکردووە جگە لە خودی زانستی زمان ببنە بابەتو یەکەی مشتومڕو لێکۆڵینەوەی زانستەکانی تری، وەك (دەروونزانی، کۆمەڵناسی، پەروەردە، ئەنسرۆپۆلۆژی، فەلسەفە، زانستی نوژداری...تاد)، بۆ ڕوونکردنەوەی پەنهانییەکانیانو سنورداركردنی بەرفراوانیەکانیانو سانایی تێکچڕژاوییان، زانایانو لێکۆڵەرانی چ بواری خودی زانستی زمانو چ بوارەکانی تر، تیۆرو ڕێبازو گریمانەی هەمەچەشنەیان بۆ شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی ئارێشەکانی هێناوەتە ئاراوە، تاوەکو بتوانن خودی زمان بەگشتیو لەویشەوە زمانی دایكو ڕەنگدانەوەکانی بەسەر زانستەکانی تردا پەسنبکەن.

زاراوەی زمان لە زاراوەی/LOGO)لجا/لغا/لهج)، سریانییەوە وەرگیراوەو لە بنەڕەتدا بە واتای(بنیاتنان)بەکارهێنراوە، "بەپێی تەوراتی پیرۆز»لەسەرەتادا قسەی خودا» بەرقەراربوو، بەپێی تەلمۆدێکیش»خودا ڕاستەوخۆ جیهانی بەبێ هیچ زەحمەتیو تەقەلایەك بە قسەیەك خولقاند»"(ه.د.ویدۆوسن(2008:5))، لە قورئانی پیرۆزیشدا ئەم ڕاستیە جەختی لێکراوەتەوە [ انما قولنا لشیو اژا اردناه ان نقول له کن فیکون](سوره النحل. ( : ئەم بەڵگانە چ سەرچاوەی ئاینیی بێت یان زانستی، ئەو ڕاستیە پەسندەکەن ، کە زمان واتە بوونو هەبوونی هەر شتێك کە ئەو دەربڕێتی، لەمەشەوە زمانی دایك خودی ئەو هەبووە دەگەیەنێت کە گوزارشتیلێدەکات، بە واتایەکی تر، زمانی دایك کۆگەو گەنجینەی کۆزانیارییوئاوەزمەندییو لایەنی دەروونیو دنیابینیوکلتورییوژیاریی...تاد، ئاخێوەرانێتیو بەرهەمی جۆراوجۆری ئەزمونو ژێدەری ڕیشەیی مێژویی ئەو نەتەوەیەو زمانی دایك بە دیوانی تاكو گروپو نەتەوەکان دانراوە، بە واتا بە بنیاتنەرو پێکهێنەری تاكوکۆمەڵ دەستنیشانکراوە.

زمانی دایك "پێڕەوێکی ژیریی ئاڵۆزەو ئامێری گوزارشتکردنو بیرکردنەوەیە( Nick. C. Ellis ( 1999:33 )"، یاخود "کردەیەکە، ڕووکارێکی کارای چالاکی مرۆییە، شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندیگرتنو پێڕاگەیاندنو بۆ ڕێکخستنو بە پرۆسەکردنو گواستنەوەی زانیاری بەکاردەهێنرێت، وردتر زمانی دایك وەرگرتنی کۆزانیارییە، ئەویش بە کردەکانی (درککردن، ئاگایی، ئەزمون، بەرجەستەکردن،...تاد، دەبێت"( موسی رشید حتامله (1427: 85)). زمانی دایك هەڵگرو گوێزەرەوەی هەموو زانیارییە کلتورییە ئاڵۆزەکانە، وروژێنەرو بەگەڕخەرو ئاڕاستەکاری هەریەك لە کردەکانی درککردنو ئاوەزداریی مرۆڤە بەگشتی، لەمەوەیە زمانی دایك" بە وزەو هێزێکی کاریگەر، چالاکیو خستنەکار، دیاریکراوەو فۆڕمی ناوەوەی ئەو هێزەش (جۆری بیرو شێوەی بیرکردنەوە) دادەڕێژێتو دەنوێنێت"(محەمەدی مەحوی(2009:23).(

لەمڕوانگەیەوەیە، زمانی دایك بە دیاریکەرو دەستنیشانکەری دنیابینیو بیروبیرکردنەوەو تێڕوانینی ئاخێوەرانو قسەپێکەرانی بەرانبەر بە خودی خۆیو ژیانو دنیاو هەبووەکان دانراوە، هەموو ئەمانەش بە زمانو هەر لە ڕێی زمانو سەرچاوەکەشی هەر بە خودی زمان دەبێت، بەهۆی زمانەوە مرۆڤ لە خۆیو دەوروبەرو جیهانو بوون تێدەگات.

## (1/2ئەرکی زمانی دایك:

زمانی دایك، چەشنێکی زمانەو جۆرێکی کردەی زمانوەرگرتنەو "یەکەم پێڕەوی زمانە، کە منداڵ نائاگایانە زمانی پێدەپژێتوکردەی پەیوەندیگرتنی پێبەئاکامدەگەیەنێت، بە زمانی نەتەوەو زمانی ڕەسەنیش دانراوە"(شیلان عومەر حسین(2016: 13))، بۆ زیاتر ناساندنوپەسنکردنی زمانی دایك، گرنگە لەو ئەرکانە وردببینەوە، کە بۆ زمانی دایك دەستنیشانکراون، ئەوانیش ( یوسف جمعه1990: 22-23)

.1ئەرکی هۆکاری/ئامێریی: زمانی دایك دەربڕی پێویستییو داواکارییو حەزیی مرۆڤە.کە بە ئەرکی (من ئەوەم دەوێت ناسراوە.

.2ئەرکی ڕێکخەری: بەهۆی زمانی دایکەوە دەتوانین تەحەکوم بەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەوانی تردا بکەین، بە ئەرکی (ئەوە بکە، بڕۆ ..)دانراوە .

.3ئەرکی کارلێکەری: لێرەدا زمانی دایك، وەك کرۆکی کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵدەبینێتو بە ئەرکی( ئەرکی من، ئەرك تۆ) دیاریکراوە، زمانی دایك ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی تێکەڵاوبوونو کارلێکی کۆمەڵایەتییەو بە پێچەوانەشەوە، ئەمەیش بەهۆی ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە، وەك(سڵاوکردن، ڕێزنواندن، ڕوخسەتوەرگرتن...تاد)، "زمان وادەکات ئێمەی مرۆڤ هەم کارلێکەربینو هەم کارلێکراو"(ه.د.ویدۆوسن(2008: 16).

.4ئەرکی کەسیی: مرۆڤ بەهۆی زمانی دایکەوە، جگە لە دەربڕینی هەستو بیرو خولیاو حەزوخەمو...تاد، دەتوانێت کەسێتیو ناسنامەو تێفکرینو...دەربڕێت، ئەم ئەرکە بە زمانی خودتەوەریش ناسراوە.

5.ئەركی دۆزینەوەیی: مرۆڤ بەهۆی بەكارهێنانی زمانی دایكەوە دەتوانێت لە ژینگەودەوروبەرو ژیانو..تاد، تێبگاتو زانیاری دەستبخات .

6.ئەركی ئەندێشەگەریی: هۆكارێكە دەتوانین بەهۆیەوە لە جەنجاڵی ژیانو بێئومێدیو چەرمەسەریی‌و تەنگژەكانی واقیع پەنای بۆ بەرین ودەربازبین لێی، یان حاڵەتی هەڵچوون، كە بەهۆی چەند دەربڕاو و وشەیەكەوەو كاریگەرییەكانی، دەتوانین بچینەوە دۆخی جارانمان.

7.ئەركی هێمایی: ئەمە زۆر گرنگە بۆ تۆماركردنو پاراستنو گەیاندنی ئایین‌وئەدەب‌وكلتورو نەریتو بەهاو میرات، كە بە زارەكی بنیاتیدەنێن‌ولە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر بە هێما دانان، كە نووسینە دەیانپارێزین.

8.ئەركی ڕاگەیاندنی(بە ئەركی ئاڕاستەكاریو كاریگەریوبرڕوادروستكردن ناسراوە): واتە تەنها گەیاندنو تاوتوێكردنی زانیاری لە نێوان تاكەكانو نەوەكاندا لە لایەكو لەلایەكی تریشەوە گەیاندنێتی بە جیهانی دەرەوە ناگرێتەوە، بەڵكو یەكەكانی زمانی دایك برواو متمانە..دروستدەكەن. لەمەشەوە ئەركێكی تری گرنگ بۆ زمانی دایك دیاریكرا.

9. ئەركی قایلكردن: كە ئاڕاستەكاریو برِوادروستكردنو ڕێنوێنیكردنی وەرگرە، ئەم ئەركە زۆر گرنگە بۆ دروستكردنی ڕای گشتیو پەیوەندیگرتنی جەماوەریو كۆنترۆڵكردنی كۆمەڵایەتی لە ڕێی زمانی دایكەوەیە.

10ئەركی كردەیی: وەك كردەی قسەیی( دادگا بڕیاری دا، پەیمانپێدان..) یان هێماكانی هاتووچۆ.

لەگەڵ ئەركی زمانی دایكدا، دەبێت نرخو بەهای زمانی دایك پەسنبكەین، لەم خاڵانەدا ڕوونكراوەتەوە(شیلان عومەر حسێن(11:2016-12):

1.زمانی دایك، هۆكاری سەرەكییە بۆ گەیشتن بەناواخنی ژیریو ئاوەزی مرۆڤەكان، تاكە هۆكارە، كە پێیەكی لە مێشكو ئاوەزی مرۆڤدایەو پێیەكەی تریشی لە دەرەوەی مرۆڤدایە و ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەزو جیهانی دەرەوەیە بەیەكترییەوە، زمانی دایك بە سەرچاوەی بنەڕەتیو كرۆكی بەدەستهێنانی بیرو بەهاو كۆزانینو فێربوونو پەیوەندیگرتن....تاد، دانراوە .

2.زمانی دایك گوێزەرەوەی كلتورو بەهاوكۆزانیاریو هەستو بیروبۆچون...تاد، لەمەشەوە زمانی دایك ڕایەڵەی بەستنەوەی نەوەكانە بەیەكترییەوەوهۆكاری پەیوەستكردنی تاكە بە كۆمەڵەكەیەوەوكۆكەرەوەو هەڵگروخەزێنەو دەربڕی هەموو لایەنەكانی تاكو كۆمەڵەكەیەتی، د. فرانۆ ئێڤیزا دەڵێت"كلتور وەك جەستەیەك وایەو زمانیش دڵی ئەو جەستەیەیە، كە دڵ لەكاربكەوێت، جەستەكەش دەمرێت، بە واتایەكی تر كە زمان بمرێت كلتوریش دەمرێت، بۆیە زمان ئامرازێكی گرنگە بۆ پاراستنو پەرەپێدانی شوناسی فەرهەنگی "basnews چاوپێكەوتن22-8-2020)."

3.زمانی دایك كەرەستەو ئامرازی سەرەكییە، كە مرۆڤ بیرپێدەكاتەوەو پێی فێردەبێت (فێری ژیان)و تەنانەت فێری چۆنیەتی بیركردنەوە دەبێت .

4.كاملْبوونی زمانی دایك سەرچاوەی سەرەكی زوو فێربوونو دروست فێربوونی زمانی دووەمو سێیەمو...، زمانی دایك تواناو توانستی فێربوون باڵاتر دەكات.

5.زمانی دایك هۆكاری مانەوەو پاراستنو بەردەوامبوونی فەرهەنگو ڕەسەنایەتییە ، بەهێزترین پێكهێنەری ناسنامەی نەتەوەیمانە، زمانی دایك بەرپرسە لە یەكگرتوویی ڕەگەزییو پاراستنی .

6.زمانی دایك بۆ پاراستنی توندوتۆڵیو پتەوی خێزانە، ناسنامەی تاكو كۆمەڵەو نیشانەوماركەیەكی بەهێزی ناسنامەی كلتوریی‌وكۆمەڵایەتییە .

لەپەسنكردنی ئەركو بەهای زمانی دایكەوە ناساندنێكی نوێ هەڵدەهێنجێنین، بەوەی خودی زمانی دایك، خودی دنیابینیو ئەزموونوژیارو شارستانیو بیروبیركردنەوەو تێڕامانو پەیبردنە گۆكراوەكانی ئاخێوەرانێتی، زمانی دایك دیوانی ڕەسەنایەتیو فەرهەنگوناسنامەی نەتەوایەتی‌وكلتوریوكۆمەڵایەتیو بەهاودابونەریتی نەتەوەكانە، لەبەرئەمانەیە كاتێك شكۆی زمانی دایك نەویدەكرێت، كاتێك زمانی دایك پەراوێزدەخرێتو بەلاوەكی تێیدەڕوانرێت، هەموو ئەمانەی كەلەناواخنیدا هەڵیگرتووە بەهایان لای ئاخێوەرانی نامێنێت، چونكە كاتێك زمانی دایكیی منداڵ تێكدەشكێنین، بەوەی بەزمانی دایكی ناخوێنێت، لەگەڵیدا كلتورو دابونەریتو بەهاو ڕەسەنایەتیو كۆزانیاریو تواناو لێهاتوویی وچۆنێتی بیرو بیركردنەوەیو...تاد، لەناودەبەین، لەبنەڕەتدا كە منداڵ فێری زمان دەكەین، فێری كلتوروبەها كۆمەڵایەتیەكان وژیانی دەكەین، لەڕێی ئەو واتاوبیرانەی، كە بەهۆی زمانەوە وەردەگیرێن، لەبەرئەوە هەر كەموكورتیەك لە زمانی دایكی منداڵدا (زمانی ئاخاوتن، زمانی خوێندن، زمانی نووسین..) دروستببێت، بە تایبەت لە(10) ساڵی یەكەمی تەمەنیدا، وەك ئەوەی لە ماڵەوە بە زمانێك قسەبكاتو لە قوتابخانە بە زمانێكی تر، ئەوا گرفت بۆكۆزانیاریوبیرو چۆنێتی بیركردنەوەو فێربوونو پەیوەندی-لەیەكگەیشتنی منداڵ دروستدەبێتو هەموو ئەو بنەمایانە لە دەستدەدات، كە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە.

(1/3)زمانی دایك‌ودامەزراوە پەروەردەییەكان:

دامەزراوەی پەروەردەیی، دەزگاوپێگەو دامەزراوەیەکی پێڕەوبەندی ڕێسابەندی ڕێکخراوە، کە فەلسەفەی پەروەردەیی هەموو نەتەوەیەك پێکدەهێنیتوبەپێی ستراتیژو پلانی پەروەردەیی کار بۆ بەجێهێنانی ئامانجی نەتەوەیی دەکات، کە ئەویش بریتیە لە بنیاتنانو بەرهەمهێنانی مۆدێلێك لەنەوە(مرۆڤسازیوژیانسازی)، بۆ کۆمەڵوئەمەش کرۆکی بنیاتنانی کەسێتی پێکدەهێنێت. دامەزراوە پەروەردەییەکان، وەك لە هێڵکاری(1)دا ڕونکراوەتەوە بریتین لە : خێزان، دامەزراوەی فێرکاری، ڕاگەیاندن، دامەزراوەی ئایینی، دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، بە هەموو ئەمانە دەوترێت سەرچاوەوژێدەری بنیاتنانی کەسێتی تاك .

دامەزراوەی پەروەردەیی هێڵکاری(1)

بەپێی ناواخنی باسەکە، لێرەدا جەخت تەنیا لەسەر یەکێك لە دامەزراوە پەروەردەییکان کراوەتەوە، ئەویش دامەزراوەی فێرکارییە، کە (خوێندنی بەرایی، خوێندنی ئامادەیی، خوێندنی باڵا)لەخۆدەگرێت، بە دیاریکراویش خوێندنی بەرایی(دایەنگە، باخچەی منداڵان، قوتابخانە)، وەك بەرجەستەکەری کردەی پەروەردەو فێرکردن، یەکەم دەروازەیە کە تێیدا منداڵ دەچێتە کۆمەڵگەوەوبەکارایی و سەربەخۆییو ڕەهایی زمانی تێدا بەکار دەهێنێتو لەم ڕوانگەیەوە بە (پایتەختی زمان) ناسێنراوەو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی سیستماتیکیەو بەرپرسە، لەگەڵ دامەزراوەکانی تردا، لە پەروەردەی دروستی تاكو پێدانی بەهاکان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاك، لەبەرئەوەی دامەزراوە فێرکارییەکان کۆمەڵگایەکی بچوککراوەنو گرنگترین کەناڵن، کە بەهۆیەوە تاك بە کۆمەڵەوە پەیوەستدەکەن، ئەمانەش لە پرۆگرامی خوێندندا دیاریدەکرێن.

فەلسەفەی هەموو دامەزراوەیەکی فێرکاریی لە چۆنێتی دارشتنو دانانو ئامادەکردنی پرۆگرامەکانیدا ڕەنگدەداتەوە(پرۆگرامی خوێندن هەموو پلاندانێکی پرۆسەی خوێندن دەگرێتەوە، کۆمەڵێك کۆزانیاریی پەروەردەییە، ئامادەباشی بۆ قوتابی لەناوەوەو دەرەوەیدا دەکات، بە مەبەستی یارمەتیدانی گشتگیرو تەواوی قوتابی لە هەموو لایەنێکی هۆشیو کلتوریو ئایینیو کۆمەڵایەتیو جەستەییو دەرونیو هونەری،، گەشەکردن بە ڕاستکردنەوەی ڕەفتاروکارلێککردنی لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵگەو دانانی چارەسەر بۆ کێشەکانیان کە ڕوبەڕویان دەبێتەوە)( هەوار عومەر فەق(2015: 133). خودی پرۆگرام کتێبو شێوازی وانە وتنەوەو هۆکاری فێرکاریو چالاکی..تاد، دەگرێتەوە، پرۆگرامی خوێندن(پێکهێنەرێکی فێرکردن)ی زمانی دایکە، پەرەپێدەری ئەو لێهاتووییو کۆزانیارییانەن، کە تاك لەڕێی زمانی دایکیەوە وەریگرتوونو لە خێزانەوە لەگەڵ خۆی هێناونی، لەبەرئەوە پێویستە زۆر هەستیارانەو بەئاگایانەو ژیرانە ئەم پرۆگرامە دابڕێژرێت، چونکە تێکشکاندنی زمانی دایکی تاك،یان فەرامۆشکردنی، بە واتا تێکشاکاندنو داخوراندنی کلتوروکۆزانیاریو لێهاتووییو بیروبیرکردنەوەی...تاك، کە ئەمەش دژی کرۆکی پرۆسەی جۆرێتی پەروەردەوفێرکردنە، فێرکردنو خوێندن بە زمانی دایك، بەواتا پەرەدان بە کوالێتی پەروەردەییو داهێنانو بەرهەمهێنان. پرۆگرام(ئەزموونی پەروەردەیی لەخۆدەگرێت)وکاریگەری بنەڕەتی لە بنیاتنانی کەسێتی تاکدا هەیە.

پرۆگرامی خوێندن فەلسەفەی دامەزراوەی پەروەردەیی هەر نەتەوەیەك دیاریدەکات، فەلسەفەی پەروەردەش بریتیە لە کردەی بەرهەمهێنانو ئامادەکردنی مۆدێلێك لە نەوە، لەسەر بنەمای فێرکردنی بەرپرسیارێتی، چاندنی بەهاکان، ڕەوشتی کۆمەڵایەتیو دابونەریتی کلتور، گۆڕینی ڕەفتارو پەرەپێدانی کەسێتی...تاد،ئەمانەش بە فێربوونوفێرکردنو پەرەپێدانی تواناولێهاتووییەکانی دەبێتوئاکامەکەشی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی لێدەکەوێتەوە.

هەموو ئەو ئەرکانەی پرۆگرامی خوێندن هەیانە، لە کردەی پەروەردەو فێرکردنی تاکدا، بە زمانی دایكوهەر لەڕێی زمانی دایكو هەم سەرچاوەکەشی زمانی دایکە بەئاکامدەگەیەنرێت، بەگشتی هەشت مۆدی جیاوازیی چالاکی مرۆیی، کە زمانی دایك لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا(بە پرۆگرامی خوێندن، ئاخاوتنی ناوپۆل، ئاخاوتنی مامۆستا، کەرەستەکانی فێرکردن..) لەخۆیدەگرێت دیاریکراون، لەوانە(هەوار عومەر فەق(2015: 115):

.1گوێگرتن، تێگەیشتنو هەڵهێنجاندن لە دەرکردە زارەکییەکان.

2. ئاخاوتن، بەرهەمهێنانو بنیاتنانی دەربڕدراووەدەرکردەی واتادار.

3. خوێندنەوە، تێگەیشتن لە دەقی نووسراو. 4. نووسین، بەرهەمهێنانی دەقی نووسراو. 5. نمایشکردن، ئامادەبوونی هێما/ زانیاریە بینراوەکان. 6. پێکهێنان، بەکارهێنانی مەبەستی بینراوی بینین، بە دەربڕینو نووسین. 7. بینین، ئامادەیی بزواویو جوڵاویی. 8. بزواوی ، بەکارهێنانی زمانی جەستە، زمانی ئاماژە بەگشتی.

کەواتە هەموو کردەی دامەزراوە پەروەردەییەکان، بە زمان بە ئاکامدەگەیەنرێت، گرنگە جۆری ئەو زمانەش زمانی دایك

بێت، چونکە هەموو منداڵێك بە زمانی دایکییەوە دێتە دامەزراوە فێرکارییەکان، ئەگەر بە زمانی دایك نەبێت، ئەوا دامەزراوە فێرکارییەکان لەبری ئەوەی پەرەپێدەرو برەودەری توانستو تواناو لێهاتوویی منداڵ بن، خۆیان دەبنە سەرچاوەی گرفتاریو ئارێشە بۆ لایەنی درکپێکردنیو دەروونیوکۆمەڵایەتیو زمانییو تەنانەت جۆرێتی پەروەردەوفێرکردنی، بەڵگەی ئەمانەش نزمبوونەوەی ئاستی زانستی قوتابیانو بێزراوی دامەزراوە فێرکارییەکان لای منداڵ، بەرزبوونەوەی رێژەی دەرنەچوونو وازهێنانە لە خوێندن، هەر لەسەر ئەم بنەمایانەش خوێندنی زمانی دایك، وەك بابەتێکی سەرەکی بۆ ئەم مەبەستەیەو بۆتە بابەتێکی کرۆکی لە بەرنامەی خوێندن لە فەلسەفەی پەروەردەیی هەر نەتەوەیەکدا .

(2/1چەمکی کەسێتی:(Personality concept)

کەسێتی لە بڵاوترینو گرنگترین ئەو بابەتانەیە، کە بۆتە کرۆکی لێکۆڵینەکانی زانستی دەروونزانی، کەسێتی زادەی بەرهەمی هێزی ناوەوەی تاکە، کە لەگەڵ هێزوهۆکارە کارتێکەرەکانی دەرەوەدا کارلێکدەکەن، کەسێتی تێکەڵەیەکی تێکچرژاوی ئاڵۆزە ڕستێك لە پێکهاتەولایەنی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، وەك سیماو دابونەریتو پاڵنەری ژینگەیی وەرگیراوو بۆماوەییو سروشتی، لەگەڵ مەیلو خولیاو حەزوهەستو سۆزوبیروڕاو..دا، لەم ڕوانگانەشەوە زانایانی دەروونزانی هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە ناساندوویانە (محمد احمد حجازی:2010: 17: (

)جلیفۆرد) دەڵێت:" کەسێتی کۆمەڵەسیماو خەسڵەتێکە، کە کەسێك لە کەسێکی تر جیادەکاتەوە."

)ئێزنك) بەمشێوەیە پەسەنیدەکات" کەسێتی لایەنی خودییە، کە تاکی پێجیادەکرێتەوە لە گونجاندنی لەگەڵ ژینگەدا، ئەمەش لە ڕەوشتو خدەو توانای جەستەییو ژیریی مرۆڤدا دەردەکەوێت ."

کەسێتی ڕستیك، دەستەیەك لە سیفاتو سیماو خەسڵەتوتایبەتێتییە، کە کەسێتی تاکەکان پێکدەهێنێت، ئەم سیمایانە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێن، پەسنکردنەکانی چەمکی کەسێتی جۆراوجۆرن، ئەمەش بۆ جۆراوجۆری بواروزانستەکان دەگەڕێتەوەو هەر زانستەو بەپێی بنەماکانی لەم بابەتە کۆڵیوەتەوە، وەك: لە ڕوانگەی زانستی دەرونزانییەوە (FREDRIC T. PERLMAN AND JERROLD R. BRANDELL 53: 1995 ( :، )کمف)، کەسێتی بریتیە لە ڕێگەو کاردانەوەی هەماهەنگی تاك لەگەڵ ژینگەدا، بە واتا حاڵەتی هاوتابوون لەنێوان پاڵنەرە خودییەکانو دواکاریە ژینگەییەکان بە کەسێتی دادەنێت.(مۆرتن بریس)، کەسێتی بەم شێوەیە ڕاڤە دەکات و دەڵێت: " بریتیە لە کۆی تایبەتێتی تاك، ئامادەگییە بایەلۆژییە بۆماوەییەکان، لێهاتوویی‌وهەڵسوکەوتە وەرگیراوەکان لە ژینگەی دەرەوەدا، ئەم پێناسەیە زیاتر جەخت لە ناوەوەی مرۆڤ دەکاتەوە".(بودن)، کەسێتی "بە حەزو مەیلو خولیارەسەنە جێگرەکان لە مرۆڤدا دەناسێنێت، کە ڕێککاری هەماهەنگی نێوان مرۆڤ و ژینگە دەکات". (عوسمان فەراح)، دەڵێت:" کەسێتی ڕێکخراوەیی پەیکەری ناوەوەیە بۆ هەڵچوونە خودییو دەرەکییەکانو وەڵامدانەوەکانی تاك، لەگەڵئەوەی پێواژۆ ئاوەزییە باڵاکان، کە دیاریکەری فۆڕمی شێوەی ڕەفتاروکاردانەوەکانی تاکە لەخۆدەگرێت"(محمد احمد حجازی:2010: 19).

زانایانی زانستی کۆمەڵناسی ناساندنی جیاوازیان بۆ بابەتی کەسێتی کردووە، ئەویش لەو ڕوانگەیەی کە یەکێکە لە ژانەرە بنەڕەتییەکانی سروشتی کۆمەڵایەتی.( Qais Faryadi,2007: 8)، لەوانەش: (بیسانر)، کەسێتی "بە دابونەریتو ڕەفتارە خودییو تایبەتییەکانی تاکێکی دیاریکراو، کە لە دەرئەنجامو لێکەوتەی

هۆکارەبۆماوەییوبایەلۆژییوکۆمەڵایەتیوکلتوریوفەرهەنگییە کانەوە وەرگیراوە"(محمد احمد حجازی:2010: 21). (ئۆگبرنو نیمکۆف) دەڵێن:" کەسێتی هەماهەنگیو تەواوکاری دەروونیوکۆمەڵایەتیی ڕەفتاری مرۆڤە، گوزارشتکردنیش لەم هەماهەنگییە بە دابونەرێت، ئاڕاستەکان، بیروڕاکان، کاردانەوەو وەڵامدانەوە جۆراجۆرەکان بۆ هەموو وروژێنەرەکان بەرجەستەدەبێت."

لە فەلسەفەشدا (محمد احمد حجازی(2010: 25)، چەمکی کەسێتیو باسکردنی کەسێتی، بۆ سەدەی( 5 پ. ز )دەگەڕێتەوە، (هیبوقرا) یەکەم فەیلەسوف بووە، کە لەم بابەتە دواوەو پێکهاتەو بنیاتی خستۆتەڕوو، ئارەزوو و حەز، ڕەوشت، چینی کۆمەڵایەتی لەهۆکارە گرنگەکانی دیاریکردنی کەسێتین. فەیلەسوف (کارتیشمر) کەسێتی بۆ دوو لایەنی تەواوکارو وابەستەی یەکتر دابەشکردووە، لایەنی ڕوکاری خودیی کەئەمەش بیرو بیرکردنەوەو دنیابینیو مەیلو حەزەخودییەکان و تێڕوانینیان بۆ خودی خۆی پێکدەهێنێت، لایەنی ڕوکاری بابەتی، کە پەیوەستە بە وەڵامدانەوەی وروژێنەرە جیاوازەکانو کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تردا.

کەسێتی ڕێکخراوەیی کەسی تاکە، کە هەموو هەڵسوکەوتو ڕەفتارو کارلێکەکانی لەخۆدەگرێت، یاخود ڕستێك لە سیفاتو سیماو خەسڵەتی هەڵچوونیو کۆمەڵایەتیوجەستەییو ژیرییە، کە تاکێك لە یەکێکی تر جیادەکاتەوە، جا ئەوانە بایەلۆژی یان بۆماوەیی یان لە ژینگەوە وەرگیرابێت، لەو پەسنکردنانەی

سەرەوە، دەتوانین هەڵهێنجان بۆ پێکهاتەکانی کەسێتی بکەین‌ولەوانەشەوە بنیاتی بنەڕەتی کەسێتی تاك بەرجەستە بکەین‌و بریتین لە:

1.هەست و سۆز.Feeling, Affection.2 هەفتار و کردەوە

Behavior3.بیر و دركکردن Thoughts, Cognition

(2/2بنیاتنانی کەسێتی:

کردەی بنیاتنانی کەسێتی، بریتیە لە کردەو پێواژۆی پەروەردەو فێربوون‌و فێرکردن‌و پێگەیاندنی هەموو لایەنەکانی کەسێتی تاك، یاخود بە کردەی پێکهێنانی دروستیی ڕەفتاروگوفتاری مرۆڤ دەوترێت، کە مرۆڤ لە دایکدەبێت لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك لێهاتوویی‌و توانستو هێزو ماتەوزەی بۆماوەیی پێیە، کە دەبێت بەرجەستەی بکات، جێبەجێکردنی ئەم ماتەوزە شاراوە ناواخنکراوە، ئەرکی ئەو ژینگەیەیە کە مرۆڤی تێدایە، چۆنێتی وەڵامدانەوەی وروژێنەرەکان‌و تێرکردنی پێویستیی‌وحەزو خولیاکان‌و کاردانەوەی کارەکان وپاڵنەرەکان تانوپۆی ڕایەڵەکانی کەسێتی لای مرۆڤ بونیاتدەنێن، کەسێتی پەرەپێدەدرێت بەهۆی کارلێککردنی تاك لەگەڵ ژینگەو دەوروبەریدا.

بەپێی دیدگای ڕێبازەکان، دەربارەی (کەسێتی) و بنەماوپێکهێنەکانی کەسێتی و پەیوەندیی پێکهێنەکان وکاریگەریيان لەسەر یەکتر پەسندەکەین، تا گشتگیرانە بنەماکانی بنیاتی کەسێتی هەڵبگوازین،(عائشە سعید سالم البادی(2014: 19-24)و (حسین عبد الفتاح الغامدی(53:2015-67) لەوانەش:

یەکەم:بنیاتی کەسێتی لە تیۆری شیکاری دەروونییدا Psychoanalysis :

ئەم تیۆرە جەخت لە هەستەکان‌و درککردن‌و فێربوون دەکاتەوە، ئەمانە لە دەرونزانی کەسێتیدا بابەتی سەرەکین، ئەمان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لە سەر کەسێتی مرۆڤ، زۆر شێلگیرانە سەرنجیان لەسەر خاڵێکی کرۆکی چڕکردۆتەوە، ئەویش تەمەنی منداڵیی مرۆڤە، لێهاتوویی‌و ئەزموون‌و هەڵچوون لەسەرەتای منداڵیدا کاریگەری‌و تانوپۆی لە بنیاتنانی کەسێتی تاکدا دەنەخشێنێت، لەمەشەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە تۆوی کەسێتی‌و دیاریکردنی پایەکانی‌و ڕەنگرێژتنی لە پێنج ساڵی سەرەتای تەمەنی تاکدا دەچێنرێت، بە بۆچوونی (فرۆید)، کەسێتی بریتیە لە ڕێکخستنی دەروونی، بە چۆنێتی دروستکردنی باڵەخانە چواندوییەتی‌و دەڵێت:" چۆن هەموو بالەخانەیەك بە دانانی چین بەچین بنیاتدەنرێت و هەموو چینێك دەوەستێتە سەر چینی خوارخۆی، بنیاتنانی کەسێتی تاکیش بەهەمانشێوەیە"، (فرۆید) بایەخبەندی سەرەکی بەلایەنی بایەلۆژی داوە، بە پایەی سەرەکی بنیاتنانی کەسێتی داناوەو گرنگی بە لایەنی فەرهەنگو کلتوری کۆمەڵایەتی نادات. فرۆید یەکەپێکهێنەرەکانی کەسێتی دیاریکردووەوبریتین لە FREDRIC T. PERLMAN AND JERROLD R. BRANDELL 41: 1995 ) :

1-:Id ئەم ناوە فرۆید بۆ ڕەهەندی یەکەمی کەسێتی دایرێژاوە،

بریتیە لە گەنجینەی حەزوئارەزوو پاڵنەرە غەریزیەکان، کە ناتوانرێت دەستبەرداری ببین، ئەرکی بەرجەستەکردنی چێژ وەرگرتنەو فرۆید چێژی بە بنەمای هەموو ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ داناوە

2-: Ego ئەمە بە سەنتەری هەستو درککردن‌و زەینرۆشنیی‌و بەرچاوڕونی دادەنرێت، لە ئەنجامی پەیوەندیگرتنی منداڵ لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پێکدێت، Egoبریتیە لەو ڕەفتارە ئیرادییانەی کە جێبەجێیاندەکەین، کە ئێمە ئاگایانەو هۆشمەندانە بەرجەستەیاندەکەین، ئەم بەشە حەزی تێدایە، بەڵام دەبێت لەگەڵ واقیعدا گونجاو بێت.

3- :Super Ego ئەم ڕەهەندە لە کەسێتی، ئاستی ڕەوشتو ویژدان‌و

نموونەی باڵایە، کە لە کلتوری کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بەگشتی ڕێبەرانی ئەم تیۆرە گرنگی بە قۆناغی منداڵی دەدەن‌و بە زەمینەی بنیاتنانی کەسێتیی پەسنیدەکەن.

دووەم: بنیاتی کەسێتی لای ڕەفتارییەکان: Behaviorism

بە تیۆری وروژاندن‌و وەڵامدانەوە ناسێنراوە، کەسێتی لەم تیۆرەدا، بریتیە لە ڕێکخستن‌و شێوازی ڕەفتاری فێرکراوی تارادەیەك چەسپاو، کە تاکەکانی پێ لەیەکتر جیادەکرێنەوە، بەپێی ئەم تیۆرە تاك لە گەشەکردنیدا لەڕێی فێربوونەوە شێوازی ڕەفتاری نوێ وەردەگرێت. چەمکی خوو لەم تیۆرەدا بەهایەکی باڵای هەیە، بەوەی نێوەندگیرە لە نێوان وروژێنەروەوەڵامدانەوەدا، بۆ ئەمەش گرنگی بەو بارودۆخەی ئەو خووە بەرهەمدێنێت بە هەند وەردەگرن، خووەکان کاتین‌و هەمیشەیی نین، وەرگیراون‌و فێردەبین‌و بۆ ماوەیی نین، دەتوانین لەمەشەوە ئەوە هەڵبگوازین، کە بنیاتی کەسێتی دەتوانرێت چاکسازیی یان گۆڕانی تێدا بکرێت. کۆزانیاریی لە ئەزموونەوە بەرهەمدێت، (جۆن لوك) یەکێکە لە فەیلەسوفەو زانایانی ئەم بوارە،پێیوایە هەموو کۆزانیارییەکانمان لە هەستەوەروئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێتو دەڵێت مێشکی منداڵ لەسەرەتاوە، وەك لەوحێکی بەتاڵ وایە. (سکینەر)یش زانایەکی تری ئەم بوارەیەو گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ڕەفتاری داوە لە سەر بنەمای خودی

ڕەفتارەکە، بەپێی تیۆری سکینەر فێرکردن کاتێك بەرجەستەدەبێت، کە وەڵامدانەوە دروستەکان پتەوبکرێن بەپێی وروژێنەرێکی دیاریکراو، بۆیە ئەمان ڕەفتار بە پێکهێنی سەرەکی کەسێتی دادەنێن، دەتوانین بنیاتی کەسێتی لای (سکینەر) بۆ ئەمانە کورتبکەینەوە-4 :Qais Faryadi,2007 ) 11).

ا. جەستە: مرۆڤ بە سندوقێکی داخراوی نا-بۆش داناوە، ئەمان دەگەڕێن بە دوای ئەو مەرجانەی ڕەفتارەکان ڕێکدەخات، نەك گریمانەی داواکاری ناوەکی مرۆڤ بکەن.ب. پەیوەندی کۆمەڵایەتی: ئەم ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بە کارلێكو پەیوەندیگرتنی نێوان دوو کەس یان زیاتر دادەنێت، (سکینەر) جەخت لە ڕەفتاری زارەکی دەکاتەوەو ڕۆڵی ژینگەی زارەکی لە گەڵاڵەکردنی ڕەفتاردا، بەتایبەت گەشەی زمانی سەرەتایی‌و شێوەکانی تری ڕەفتار بایەخبەندی سەرەکییان پێدەدات. پ. ئیرادە: بە چەمکێکی ناواقیعی داناوە و پێیوایە دەبێتە تێکچڕژانی ڕەفتارەکان. ت. عەقڵ: ئەرکی عەقڵ بیرکردنەوەیە لەوەی کە دەیزانێت‌و بەکارهێنانێتی، مەعریفە لای (سکینەر) بریتیە لەو گەنجینەی ڕەفتارەی بەرانبەر وروژێنەرێکی دیاریکراو دەردەکەوێت.ج. خودوناسینی خود: (سکینەر) گەنجینەی ڕەفتار بە مەعریفەی خود دادەنێت. ح. گەشەپێدان: گرنگی بە خشتەی پتەوکردن لە وەرگرتنی ڕەفتارو جێبەجێکردنیدا دەدات، بەمە منداڵ زیاتر پشتبەخۆی دەبەستێت.

سێیەم: تیۆری درکپێکردن:Cognitive Perspective

) برونر) زمان بە هۆکارو ئامێری سەرەکی دادەنێت‌و یادگەش ڕۆڵی گرنگی لە خەزنکردندا هەیە. پلەی کارایی یادگە دەوەستێتە سەر ڕێگەوچۆنێتی تاقتکردنو هەڵگرتنی لێهاتوییەکان. تیۆری درکپێکردن گرنگی بە کردەی ناوەکی ئاوەزی دەدات، کە لە ناو ئاوەزی تاکدا ڕوودەدەن‌و لە چۆنێتی وەرگرتنی کۆزانیاریی‌و ڕێکخستن‌و تاقتکردنی لە یادگەدا دەکۆڵنەوەو ئەمان .Stacey T. Lutz& William G. Huitt,2005:23 :

1.لە کردەی فێرکاری وەك کردەی کارایی بنەڕەتی لێیدەڕوانن.

2.نمایشکردنی کردە ئاست باڵاکان لە کردەی فێرکاریدا.

3.سروشتی کەڵەکەبوونی فێرکردن و ڕۆڵی گرنگی پێشخانی کۆزانیاریی لای فێرخواز.

4.گرنگیدان بەو ڕێگەیەی زانیارییەکانی پێدەگەیەنرێت.

5.گرنگیدان بە شیکردنەوە فێرکارییەکان‌و هەماهەنگیان لەگەڵ کردە ئاوەزییەکاندا.

بە پوختی بنیاتنانی کەسێتی‌و پەرەپێدانی بەپێی ئەم تیۆرانەی خرانەڕوو، وابەستەی کردەی فێربوونەو زمانی دایك سەرچاوەو ژێدەرو هۆکاری ئەم کردەیەیەو بەبێ زمانی دایك ئەم کارە بەئاکامناگات، لەم لێکۆڵینەدا تیۆری بیاجیە، کە سەربە قوتابخانەی درکپێکردنە بۆ پاسادان‌و کارەکیکردنی گریمانەی خوێندن بە زمانی دایك بەرجەستەکەرو بنیاتنەری کەسێتی کارەکیکراوە.

## (3/1)زمانی دایك‌و درکپێکردنی کۆزانیاریی:

قۆناغی منداڵی، وەك ناوێك‌و زاراوەیەك بۆ دەستپێك‌و سەرەتای تەمەنی مرۆڤ دیاریکراوە، هەموو قۆناغێك بە کۆمەڵێك سیماو تایبەتمەندیی‌و ڕوکار لەوانی تر جیادەکرێنەوە، منداڵ لەتەمەنی هەشت مانگییەوە فێری دەنگ دەربڕین دەبێت‌و لە تەمەنی (12-14) مانگیشدا دەتوانێت چەند وشەیەك دەبڕێت، لەتەمەنی (4) ساڵیدا توانستی پێکهاتەی زمانی تەواو دەبێت، بەڵام بەتەواوی لە تەمەنی (5) ساڵیدا کردەی زمانپژانی کامڵ‌و پڕاوپڕ دەبێت‌و پێکهاتەی فەرهەنگی ئاوەزیی دەخەملێت‌و ئەو وشانەی لەم کۆگەو گەنجینەیەدا تاقتکراون، بە نزیکەی( 14,000) وشە دانراون، هەتا ئەم گەنجینەیە بەکارنەهێنرێت‌و ئەزموون نەکرێت خاوەنەکەی ناتوانێت کۆزانیاریی زمانیی وەربگرێت‌وکۆزانیاریی زمانی لە بەکارهێنانی زمانییەوە بەرجەستەدەبێت(شیلان عومەر(2017:9)، لەبەرئەوەیە فێربوونی زمانی دووەم پێش ئەم تەمەنە بە نەرێنی دانراوە.

زمانپژان بەگشتی بۆچوارقۆناغ(عەدنان عەبدوڵا(2015)) دابەشکراوە ، پێنج ساڵی تەمەنی یەکەمی منداڵ بە قۆناغی کامڵبوونی پرۆسەی زمانی دایك‌و بنیاتنانی کەسێتی تاك دیاریکراوە، زمانەوانان‌و پەروەرشیاران لێکۆڵینەوە لە ئاکاری زمانەوانی(گۆکردن، خوی زمانیی، شێوەو ئاخاوتن، ....)ی منداڵ، لە پێنج ساڵی تەمەنیدا دەکەن، لەبەرئەوەی بە گرنگترین‌و مەترسیدارترین قۆناغەکانی گەشەسەندنی ژیانی بەڕێوەدەچێت و لەبارترین کاتە بۆ چاندن‌و بنیاتنانی کەسێتی تاك(بڕوانە2/2)، هەرلەبەرئەمەشە ئەم قۆناغە بە قۆناغی بنیاتنان /زێڕین/ ئاڵتونی دەستنیشانکراوە، بەوپێیەی ڕێڕەوی گەشەی ژیریی‌و جەستەیی‌ودەروونی و کۆمەڵایەتی‌و ...ئاڕاستەی ڕووەوبنیاتنانی کەسێتی تاکە.

ئەم تەمەنەی مرۆڤ بەتەمەنی ئامادەباشی‌و سازکردن دانراوە، زانایان پێیانوایە هەموو سیستمی بینین‌و ژیری‌و جوڵەیی‌و...لە ئامادەباشیدان بۆ چالاکی‌وکار ، ئەگەر دەوروبەر بە دروستی بیوروژێنن‌و ئاڕاستەی بکەن‌و بەگەڕیبخەن (کە زمان سەرچاوەی ئەم کارەیە)، ئەوا بەدروستی ئەو تاکە بنیاتدەنرێت‌و بە پێچەوانەشەوە. بەواتا ئەم قۆناغەی تەمەنی مرۆڤ، کە بەقۆناغی ئاڵتونی پەسنکراوەو دوو کردە

شانبەشانی یەك لە سەرەتاوە تا تەمەنی پێنج ساڵی تەواوکارانە کامڵدەبن، ئەوانیش کردەی زمانپێژانو ڕەنگرێژتی کەسێتییە، کە بنیاتی کەسێتی دەکەوێتە سەر چۆنێتی زمانپێژانی منداڵو وروژاندنو بەگەڕخستنو ئاڕاستەکردنی پێکهێنەکانی کەسێتی :1.هەست و سۆزەکان 2. ڕەفتار و کردەوە . 3.بیر و درککردن (شیلان عومەر حسێن 2016: 21):

به شێوەیەکی بازنەیی ئەو سێ پێکهێنە، کاریگەریی گەورە و درێژخایەن لەسەر یەکتر و دواجاریش لەسەر کەسێتی خاوەنەکەیان دروستدەکەن، لەگەڵ ئەوەی هەستو سۆزو بیرو درککردنو کردار، سروشتی مرۆڤ پێکدەهێنن، بۆ زیاتر وردەکاریکردن لە تەمەنی سەرەتای مرۆڤ کە بە منداڵ دانراوە، (بیاجیە)ڕەوتی گەشەکردنی کۆزانیاریی، ئەم تەمەنەی منداڵی بەم شێوەیە قۆناغبەندکردووە(ناهیدە ڕەحمان خەلیل(2013: 58-59))

قۆناغی یەکەم: لە( لەدایکبوون-2ساڵ)/ ژیری هەستکردن/جوڵە :Sensorimotor Intelligence لەم قۆناغەدا، توانستو توانای کردەکانی هەستکردنو جوڵەی هەیەو لەگەڵیدا بنیاتی درکپێکردنی بۆ هەموو بزواوییەکی هەیە.

قۆناغی دووەم: بیری پێشکردار(3-6)ساڵ Preoperational :Intelligenceیان ژیری پێش کردە ئاوەزییە هەستپێکراوەکان. به قۆناغی گواستنەوە دادەنرێت، بەوەی ئاوەزی منداڵ لە درککردنی هەستییەوە بۆ کردە ئاوەزییە هەستپێکراوەکان دەگوازرێتەوە، بەوەی بنیاتە درکپێکردنییەکان پەیوەستدەکات پێکەوە، بەهۆی خەیاڵو وشەکانەوە توانای نواندنو وێناکردنی بابەتەکانی هەیە، بەمەش توانای بەکارهێنانی زمانو هێماکانی هەیەو ڕاستەوخۆ لە وشەو زاراوەکان تێدەگات، بەڵام گشتوەگیری هەیە.

قۆناغی سێیەم: کردە ئاوەزییە بەرجەستەییەکان/هەستپێکراوەکان (7-11)ساڵ Concrete :Operationsبە قۆناغی کردە ئاوەزییە چەسپاوەکانوکرداری هەستپێکراو دانراوە، قۆناغی ژیریی لۆژیکیەومنداڵ سیفاتی خۆپەرستی تێدا کاڵدەبێتەوەو شتەکان لە دیدگای کەسانی ترەوە دەبینێت. دەتوانێت ئەم کردە ئاوەزییانە جێبەجێبکات(درکپێکردن بە لەبەرکردنی شتەکان، چەمکی ژمارەکان، زنجیرەیی ژمارەو ڕوداوەکان)، دەتوانێت زمان بۆ پلانوبەڕێکردنی کارەکانی بەباشی بەکاربهێنێتو کەئەمە سەرەتایە بۆ ژیری لۆژیکیودەستپێکی بیرکردنەوەی ڕوت/ گەڵاڵەکراو.

قۆناغی چوارەم: کردە ئاوەزییە گەڵاڵەکراوەکان/ بیری کرداری گەڵاڵەکراو (12-15)ساڵ Formal Operations: لەم قۆناغەدا ئاوەزی منداڵ دەست بە شیکردنەوەی هەبووەکان بۆ یەکە پێکهێنەرەکانیان دەکات، بەمەش گەشەپێدانی درکپێکردنی پەرەدەسێنێت، بیرکردنەوەکان لە بیرکردنەوەیەکی بەرجەستانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەچنو لەمەشەوە منداڵ هاوسەنگی درکپێکردنی بۆ دروستدەبێت، لەم قۆناغەدا منداڵ توانای تێگەیشتنی فراواندەبێتو لە گۆشە نیگای جیاجیاوە لە بابەتەکان دەڕوانێت.

لەگەڵ پەرەپێدانی کۆزانیاریی لای منداڵ، بیاجیە زمانی منداڵیشی دابەشکردووە بۆ (نرمین غالب غریزی(2014: 13 )

.زمانی خودیی :Langage Egocentrique منداڵ گوێ بە بەرانبەر نادات کە قسەدەکات، بەڵکو ئەو قسە بۆ خۆی دەکات، ئەمەش بە سێ شێوە دەردەکەوێت:

ا. دوبارەکردنەوە: منداڵ چۆنێتی سازکردنی دەنگو وشەکان کارەکیدەکاتو دڵخۆشە بەوەی ڕاهێنانیان لەسەر بکاتو دوبارەیانبکاتەوە. ب.پەیوەندیگرتنی خودی: واتە بیرکردنەوە بەدەنگی بەرز لەکاتی یاریدا وا دەزانرێت قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات. پ. پەیوەندیگرتنی دوانەیی: منداڵ بێ گوێدانە گوێگرتن قسە دەکاتو قسەش بە بەرانبەر دەبڕێت.

.2زمانی کۆمەڵایەتی :Langage socialisé لەکۆتایی قۆناغی گواستنەوەدا منداڵ لە بەرهەمهێنانی زمانیدا پەرەیسەندووەودەتوانێت بە باشی بەشداری ئاخاوتنەکان بێتو وەڵامی پرسیارەکان بداتەوەو زمانی دایکی یارمەتی ڕێکخستنی بیرەکانی منداڵ دەدات، زمانی دایك پردی پەیوەستکردنی بیروکرداری منداڵەوزمانی دایك ئامێری پەیوەندیگرتنێتی.

کەواتە ئەرکی خوێندنی زمانی دایك بریتیە لە ڕێکاری پەرەپێدان بە کۆزانیاریی لای منداڵ، کە ئەمەش کرۆکی فێربوونەو بنیاتنانی کەسێتی لەسەر هەڵدەچنرێت، هەر لەمڕوانگەیەشەوە بیاجیە زمانی منداڵی وەك یەکێك لە ڕێگەی تەواوکاریو ناواخنکراوو پەیوەستداریی بۆ فێربوونی منداڵ دیاریکردووە، بەوەی زمان هۆکاری گواستنەوەی ئاوەزی منداڵە لە لێهاتوویی بەرجەستەکراو بۆ بیری ئەبستراکتو نابەرجەستە، ئەمەش بەهۆی زمانی دایکەوە گوزارشتی پێدەکرێت، بە واتای ئەوەی بیرکردنەوەی هۆکارە بۆ بنیاتنانی زمان.

زمانی دایك بیرو بیرکردنەوەو پەیبردنەکانە بە گۆکراوی، لەمەشەوە زمانی دایك لای (بیاجیە) بە بەرهەمی لۆژیکی کارەکیی دانراوە، بە واتا بیرکردنەوە لەسەر بنەمای چالاکی

هەستی بزواوبو هەتا پەرە بە لێهاتوویی هەستکردن/جوڵە بدەین منداڵ لێهاتووی زمانی دایکی زیاددەکات، منداڵ زمانی دایکی لە دەرەنجامی لێهاتوویی هەستیو کارلێکی کۆمەڵایتییەوە، لە ئەزموونی بەرجەستەکراوەوە (Concrete experience)بۆ بیرکردنەوەی ئەبستراکت (Abstract thinking) دەگوازێتەوە. ئەمەش دوو گۆڕانی بنەڕەتی لای منداڵ دروستدەکات: James Fleming,2004:32

1.ئەو چەمکانەی بەهۆی هەستەوەرەکانییەوە پەیپێدەبات، پلەبەندانە دەبێتە بەشێك لە بیرکردنەوەی، درکپێدەکاتو لەبارەیانەوە دەدوێت بەبێ ئەوەی بەرجەستەی بکات.

2.زەنگینبوونو فراوانبوونی لێهاتوویی زمانیی، چونکە بۆ گوزارشتکردن لە بیرەکانی پێویستی بەبەکارهێنانی هێماو نواندنەکان هەیە، بەمەش منداڵ لە ئەزموونی بەرجەستەکراوەوە (Concrete experience) بۆ بیرکردنەوەی ئەبستراکت (Abstract thinking)دەگوازێتەوەو کارایی بیری زیاددەکات.

(3/2 بنەماکانی فێربوونو بنیاتی کەسێتی:

)برونر) پێیوایە، کە کردەی فێرکاری چارەسەری کاراو زیندوی زانیارییەکان لە مێشکی تاکدا دەکاتو ڕۆڵیان لە ڕێکخستنیاندا بە بایەخدەروانن. کردەی فێرکاری لای (برونر)بریتییە لە:

1.وەرگرتنی زانیاری نوێ: .Acquisition of New Information

2.گواستنەوەی زانیاری:.Transformation of Knowledg

3.قۆناغی هەڵسەنگاندن.Evaluation Level

ئاشکرایە ئەم سێ پێکهێنەی کردەی فێرکاری، لەقۆناغی سەرەتاییدا تەنیا بەهۆی زمانی دایك بەئاکامدەگەیەنرێت، کاتێك منداڵ زانیاری لەڕێی خوێندنی زمانی دایکییەوە وەردەگرێتو ئاڵوگۆڕپێدەکات و دەیبزخێنێت، ئەوا کۆزانیاری لابەرهەمدێت،(بیاجیە)و(هەرمینا سینکلێر)، ئەو کۆزانیارییەی منداڵ لە دامەزراوە فێرکارییەکاندا وەریدەگرێت، بۆ سێ جۆریان دابەشکردووە( James Fleming,2004) و(نرمین غالب غریزی(2014: 21-25):

1.کۆزانیاری سروشتی/فیزیکی : Physical Knowledge

)بیاجیە) ئەم کۆزانیارییەی بە دۆزینەوەو پشکنین داناوە، بریتیە لە دۆزینەوەی تایبەتێتی سروشتی هەبووەکان کەلە جیهاندا هەن، وەك تایبەتیە جیاکارییەکانیان، ئەرکوکاردانەوەکانی، وەك دیاردەی گۆڕانو تواندنەوەو کاریگەری، چالاکی ناسینی ڕەنگو شێوەوقەبارەو بۆنو تامو دەنگو ڕەقو نەرمیو...تاد.

2.کۆزانیاری لۆژیکی-ماتماتیکی Logico - mathematical Knowledge : ئەمەی چواندووە بە داهێنانوئەفراندن، نموونەیەك بۆ ئەم دوو جۆر کۆزانیارییە دەهێنێتەوەو دەڵێت:" کۆلۆمبۆس ئەمریکای دۆزییەوەو خۆی هەبوو ئەم دروستینەکردو داینەهێنا، بەڵام ئەوەی فڕۆکەی دروستکرد ئەوە پێشتر نەبوو ئەم دایهێنا، ئەم دووجۆر زانیارییەش وەك ئەمانە وان"(هەمان سەرچاوە 29). بریتیە لە زانیاریی ئەبستراکت، کە لە سیفاتی هەبووەکاندا نییەو لە کاردانەوەی هەبووەکان ناکەونەوە، بەڵکو دەرکردەی بەرەنجامی کردە ئاوەزییە بەردەوامەکانی ئاوەزی منداڵە، کەلەکاتی سەرقاڵبوون بە هەبووەکانو دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان بەرهەمدێت، بە واتا ئاوەزی منداڵ داهێنەری هۆکارن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان هەبووەکانو هێماکان، پەیوەستکردنی هۆکارەکان بە ئەنجامەکانەوە بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کۆزانیاریی لۆژیکی-ماتماتیکی.

3.کۆزانیاری کۆمەڵایەتی : Social Knowledge منداڵ ئەم کۆزانیاریانە تەنها لەڕێی هەستەوەرەکانییەوە بەدەستناهێنێت، بەڵکو لە ڕێی ئەزموونو کردە ئاوەزییەکان، وەك پەیپێبردنو کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێت. لێهاتووییەکی مرۆییە پێویستە بۆبەردەوامبوونی ژیانوبۆ ژیانی منداڵیش ئەم چەشنە لە کۆمەڵی پۆلەکەی و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا...وەدەستدەخرێت، ئەم سێ لایەنە لەخۆ دەگرێت:

ا. کارەکی: ڕێزگرتن، هاریکاری، ڕەچاوکردنی یاسا..ب.بیریی: ڕاوێژکردن، ڕادەربڕین، نرخاندن، هەڵسەنگاندن.

پ.زمانیی:گفتوگۆ، گوزارشتی زارەکی.

لێرەدا گرنگە لەسەر ناسینی کۆزانیارییەکەوئەوچالاکیانەی لەخۆیدەگرێتوڕێگاکانی بەدەستهێنانی شیکردنەوە بکەین، بەمەبەستی خستنەڕووی کارایی زمانی دایك لە بەرجەستەکردنی ئەم کۆزانیاریانەدا:

یەکەم: ڕێگاو شێوازی وانە وتنەوە :ئەمەش بەم ڕێگایانە دەبێت: ا. فێربوونی ڕاستەوخۆو ناڕاستەخۆ: فێرکردنی ڕاستەوخۆ بریتیە لە تەلقینو لەبەرکردن، فێربوونی ناڕاستەوخۆش بریتیە لە وروژاندنی ئاوەز بۆ دۆزینەوەی کۆزانیارییەکان، پێدانی هەلی ئەزموونکردنو پرسیاردروستکردن.

ب. پرسو پرسیارکردن: منداڵ لەتەمەنی سێ ساڵیەوە دەستدەکات بە پرسیارکردن، بەو زمانە پرسیاردەکات کە زمانی پێپێژاوە، دەبێت مامۆستا(بەتایبەت لە دایەنگەدا) بزانێت ئەوە بە قۆناغی هەستکردنی منداڵ دانراوە، بۆیە

نابێت بە زمانێکی تر هەڕەمەکیانەو بێباکانە وەڵامبداتەوە، چەشنە پرسیارێکی وەك:

1.بۆچی هەور دەڕوات.    2.بۆچی هەور باران دەبارێنێت؟

3. بۆچی سێبەرەکەم لەگەڵ خۆم دێت؟

پ. ڕەگەزی پێشبینینەکراو:

هەموو مرۆڤێك پێشهاتی بۆ هەڵوێستەکانی لە ئاوەزیدا هەیە، کاتێك پێشهاتێك/ ڕوداوێك پێچەوانەی ئەوەی پێشنیازیدەکەیت دێتە ئاراوە، دەبێتە پێشبینینەکراو، ئەمەش لە ئاوەزدا هەژانێك دەخولقێنێتو دەبێتە هۆی ئەوەی چاکسازییەکی سادە لە یادگەدا ڕوبدات، یاخود گۆڕانێکی گشتگیر لە هەندێك لە بنیاتی مەعریفیدا ڕوبدات، بۆیە (بیاجیە) ڕەگەزی پێشبینینەکراوی بە پاڵنەری بنەڕەتی کردەی فێرکاریوتوێژینەوەی زانستی داناوە، منداڵ کاتێك ئەم ڕەگەزەی کارا دەبێت، کە هەڵەیەك بکات یان پرسیارێکی لا دروستببێتو وەڵامی دەستنەکەوێت، ئەگەر منداڵ ئەم ڕەگەزەی لا نەبوو، ئەوا هێشتا بیرکردنەوەی پێنەگەیشتووە، هەڵوێستە پێشبینینەکراوەکان، لە ئاوەزی منداڵدا توانستو وزەی ئاوەزی دەهەژێنێت/دەتەقێنێتەوە، مەبەست لەمە وروژاندنو هەژاندنی خەیاڵو ئاوەزی منداڵە، بۆیە هەڵوێستوپرسیارو چیرۆکە پێشبینینەکراوەکان پڕاوپڕن لەم ڕەگەزە، بەمەش کاردانەوەی ئاوەزیان تێدا دروستدەبێتو بەهایەکی بەنرخیان بۆ فێرکاری دەبێت، هەندێك جۆری پرسیار گونجاوە بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕەگەزە، چونکە لە ئاوەزی منداڵدا کردەی گریمانەیی دەخولقێنێتو دەتوانین بۆ هەموو جۆرە کۆزانیارییەکان بەکاربهێنین، وەك :

4.چی ڕودەدات ئەگەر ئاوی ڕوەك نەدەین؟ بۆچی؟

.5چی ڕودەدات ئەگەر براکەم لەسەر مێزەکە بخەمە خوارەوە؟ بۆچی؟

لێرەدا چەند پرسیارێك، کە بە تایبەتی بۆ وروژاندنی خەیاڵو ئەندێشەی منداڵ دانراوە، وایانلێدەکات، کە بیربکەنەوە لە چۆنێتی ڕوبەڕوبوونەوەی هەوڵە نامۆو پێشبینینەکراوەکانو چۆنێتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان، گرنگی ئەم پرسیارانە لەوەدایە، کە لێهاتوویی زمانییو داهێنان پەرەپێدەدات، بۆ نموونە:

.6چی ڕویدەدات ئەگەر ئاسمان پارەی بباراندایە؟ چیمان لێبکردایە؟

.7چی ڕویدەدا ئەگەر هاتوو هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا نەبوونایە؟ چۆن کاتەکانمان بەسەردەبرد؟

.8چی ڕویدەدا ئەگەر لە ئاسمان بژیاینایە؟ ماڵ و شوێنەکانمان چۆن دەبوو؟

.9چی ڕویدەدا ئەگەر جادەکانمان ئاو بوونایە؟ چۆن هاتووچۆمان دەکرد؟

.10چی ڕویدەدا ئەگەر ئاژەڵ قسەی بکردایە؟ چییان بە ئێمە دەوت؟

.11چی ڕویدەدا ئەگەر کارەبا لە ژیاندا نەبووایە؟ ژیانمان چۆن دەبوو؟ چ جیاوازییەکی دەبوو؟

ت. ڕاستکردنەوە/ ڕاستاندنی هەڵەکان:

کردوومانە بە خوو، کە دەبێت تەنها بیر لە لایەنی هەڵەو ڕاستی هەبووەکان بکەینەوە، وەك چۆن کردوومانە بەخوو، کە پێوانەکردنی ژیریو زیرەکی بە دەرچوونە لە تاقیکردنەوەکاندا، بە بۆچونی (بیاجیە)مەعریفە ڕاستەوخۆ لە ڕاستییەوە بۆ هەڵە پەرەناسێنێت، لەبەرئەوەی لەسەرەتادا منداڵ بنیاتی وێناکردنی ڕاستەقینەی هەبووەکان، وەك ئەوی پەیکاڵی واقیع بێت لا نییە، بەڵکو وێناکردنێکی ئاوەزییانەی گۆڕدراوی لایە، کە پلەبەندانە بۆ پەیکاڵبوون لەگەڵ ئەوەی لە واقیعدا هەیە، چوونیەکدەبێت، بەردەوام دەبێت لەم پەرەپێدانە تا پڕاوپڕو وردتر واقیعی بێت، ئەرکی مامۆستا لێرەدا بریتیە لە ڕەخساندنی ژینگەو پرۆگرامی گونجاو بۆبەرەوپێشبردنی منداڵ، ئەمەش بە وروژاندنی فزوڵیەتی منداڵو ڕێگەدان بە هەڵەکردنو ڕاستکردنەوەی لەلایەن منداڵەوە دەبێت، کەرەستەو سەرچاوەی ئەمەش زمانی دایکە.

دووەم: ژینگەی پۆل بە گرنگترین ڕەگەزەکانی فێرکاری سەردەمییانە دانراوە، هۆکاری سەرەکی وەرگرتنی کۆزانیارییە بۆ منداڵ ، بڕوانە(نرمین غالب غریزی(2014: 31-34 (

سێیەم: ڕۆڵی مامۆستا لە فێرکردنی زماندا: دەبێت بزانین کە مەرج نییە وشەیەك، هەمان واتاو لێکەوتەی لە ئاوەزی هەموومنداڵێکدا هەبێت، دەبێت زۆر هۆشیارانە زمان بەکاربهێنین،بۆ کارەکیکردنی پەرەدان بە لێهاتوویی زمانیی لای منداڵ پێویستە(هەمان سەرچاوە(2014: 37):

.1پڕۆگرامی خوێندن بە زمانی دایکی منداڵ بێت، ئەمەش بنەمای

ڕێکخراوی یونسکۆوکۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە، هەموو لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش ئەمەیان پشتڕاستکردۆتەوە، واتە هەم زمانی دایك بخوێنرێت وەك وانەی(زمانی کوردی)، هەمیش زمانی فێرکردنی ڕشتەکانی تر(زانست، ماتماتیك...تاد)، بە زمانی دایك بێت.

.2جیاوازی لە نێوان گوزارشتی زمانیی و بیرکردنەوە بکەین، ئێمە منداڵ فێری زمان ناکەین، تا ناوی شتەکان بزانێت، بەڵکو بۆ تێگەیشتنە لەوەی کە دەیکەنو گوزارشتکردن لەوەی کە تێیگەیشتوون.

3.زنجیرەی بیرکردنەوەی منداڵ لەکاتی یاریکردندا بە پرسیاری وەك ئەوە چی دروستدەکەیت؟ بۆ وا دەیکەیت؟..مەبچڕێنە. بوەستە تا تەواو دەبێت دواتر پرسیاری لێبکە.

4.وشەکان وابەستەی هەبووەکان بکرێت، تا منداڵ وێنای ئەو وشانەی لا گەڵاڵە ببێتو تێبگات.

5.منداڵ فێری پرسیارکردنو پێشنیازو ڕادەربڕین بکرێت.

لەمە گرنگتریش ئەوەیە، کە ئێمە بەهۆی زمانی دایکی منداڵەوە دەتوانین لە ناخی منداڵو بیربیرکردنەوەو ئاوەزمەندی تێبگەین، ئەویش بە پەسنکردنی چۆنێتی گەشەسەندنی نواندنی ئاوەزی چەمکەکان لای منداڵ دەبێت، کە بەم قۆناغانەدا تێدەپەڕێت:

1.منداڵ گوزارشت لە بیروبۆچونەکانی بە زمانی جەستە دەکات، مامۆستا دەبێت سەرنجی هەموو بزواویەکی منداڵ بدات.

2.هەندێکجار منداڵ بە وشەی بچڕبچڕ گوزارشت دەکات.

3.منداڵ زۆر جار بیرەکانی بە جۆری یاریکردنەکانی دەچوێنێت.

4.هەندێکجاریش بیرەکانی بە وێنە دەنەخشێنێت.

5.دوای پەرەسەندنی پێرەوی مەعریفی منداڵ،

کردەی بە ناواخنکردنی/تێکردەیی ئاوەزی چەمکەکانی Internalization of Concepts لا گەڵاڵە دەبێت، بە واتا منداڵ هەر بە بینیی شتەکان یان هێماکانیان دەتوانێت ئاماژە بەناوەکانیان بکات.

6.دواتر وێنەوهێماکان دەبنە پردی پەیوەستکردنی کۆزانیاری منداڵ و هەبووەکانو ناوەکانیان.

کورتەی ئەمانە هەمووی پەسنکەری ئەو ڕاستیەن، کە زمانی دایك هۆکارو سەرچاوەی هەموو ئەو کردەو پێواژۆو چالاکییانەیە، کە لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا بەرجەستەدەبن، چونکە ئەگەر منداڵ بەو زمانەی کە لەماڵەوە قسەی پێدەکات، لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا بەگەڕینەخاتو بەکارینەهێنێت، چۆنو بە چ زمانێك گوزارشت لە بیرەکانی بکاتو چۆن زانیاریو کۆزانیاری لا گەڵاڵە دەبێت! پوختەی ئەم بەشە ئەوەیە، کە دەبێت پرۆگرامی خوێندنی زمانی دایك(زمانی کوردی)، زیاتر کاراتر بکرێتو بایەخبەندی سەرەکیی پێبدرێتو لاوەکییانە تەماشای نەکرێت، لەلایەکی تریشەوە پێویستە زمانی فێرکردنی ڕشتەکانی تری وەك وانەکانی(زانست، ماتماتیك، کۆمەڵایەتی..تاد)، بەزمانی دایك بێت، تا تەواوکارانەوپراوپرانە کردەکانی زمانپڕژانو بنیاتنانی کەسێتی شانبەشانی یەك لە یەك چەکەرەبکەنوبخەملێنو کاملبن .

## ئەنجام

1.زمانی دایك، بەواتا بیروبیرکردنەوەو ئەزموونو پەیبردنو درککردنو دنیابینییوتێڕامان ژ

2.زمانی دایك بیرو پیەبردنەکانمانە بە گۆکراوی، سەرچاوەی درکپێکردنی زانیارییو وەرگر

3.کردەی زمانپڕژانوبنیاتی کەسێتی تاك، وەك دوو ڕوی دراوێکنو پێکەوەپەیوەستو تەواو

4.دەبێت ڕۆڵی دووانەیی زمانی دایك لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا لەبەرچاوبگیرێت، زم

5.خوێندنی زمانی دایك لە بەرنامەی خوێندندا، بۆ دوو مەبەستە، یەکەم، پەرەپێدان بە

## سەرچاوەکان:


ا. زمانی کوردی:

ا1. شیلان عومەر حسێن،2014، زمانو پەرەپێدانی مرۆیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.

ب. شیلان عومەر حسێن،2016، داخورانی زمانی دایك بنەماو پەسنکردن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/بەشیB ،سلێمانی.

پ. شیلان عومەر حسێن، 2017، لێکسیکۆ-سیمانتیکی وشە لەئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.

2.عەدنان عەبدوڵا عەبدولوەهاب،2015، زمانوەرگرتن لای منداڵ، نامەی ماستەر، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی.

3.ناهیدە ڕەحمان خەلیل، 2013، زمانپڕژاندنو دیاردە سایکۆ-فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردیی، نامەی ماستەر، سلێمانی.

4.هەوار عومەر فەقێ،2015،بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا، نامەی ماستەر، سلێمانی.

5.محەمەدی مەحویی، ئاوەزداریی‌و ڕێزمانی وابەستە، سلێمانی، 2006 .

6.هـ.د.ویدۆوسن/و. هۆشەنگ فاروق، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی(دهۆك)، 2008.

ب. زمانی عەرەبی:

1.احمد الحكمى وتمام إسماعيل،2010، المدخل المعرفى التكور التاريخى، نقريه السلوكى.

2.أحمد عبد الخالق 1987، الأبعاد الأساسيه للشخصيه (الگبعه الرابعه)، الإسكندريه: دار المعرفه الاجتماعيه.

3.أحمد، سهير كامل، 2011 ، سيكولوجيه الشخصيه. ألزاريگه، مركز ألسكندريه للكتاب.

4.حسين عبد الفتاح الغامدى،(2008)، مدارس علم النفس ونقريات الشخصيه.

5.حيدر حاتم فالح العجرش،2011، التگبيقات التربويه لنقريه جان بياجيه فى النمو المعرفى، جامعه بابل، كليه الانسانيه .

6.عائشه بنت سعيد بن سالم البادى،2014، كليه العلوم والاداب، قسم التربيه والدراسات الانسانيه،

7.محمد احمد حجازى،،2012 تكوين الشخصيه من المنفور النفسى، بعج سمات الشخصيه وعالقتها بفاعليه الژات لدى األخصائيين االجتماعيين فى مدارس.سلگنه عمان.
8.نرمين غالب غريزى، ، 2014بياجيه بين الگفل والمعلمه.
پ. به زمانى ئينگليزى:
1.Jean Piaget,2015,Simply Psychology ,McLeod, S. A. (2015). Jean Piaget. Retrieved from www.simplypsychology.org/piaget.html
2. Dasen, P. (1994). Culture and cognitive development from a Piagetian perspective. In W .J. Lonner & R.S. Malpass (Eds.), Psychology and culture. Boston: Allyn and Bacon.
3. Vygotsky, L. S. (1978). Mind in society: The development of higher psychological processes. Cambridge, MA: Harvard University Press.
4. Wadsworth, B. J. (2004). Piaget's theory of cognitive and affective development: Foundations of constructivism. Longman Publishing.
5. FREDRIC T. PERLMAN AND JERROLD R. BRANDELL,1995, Psychoanalytic Theory.
6. Qais Faryadi,2007, Behaviorism and the Construction of Knowledge, University: UiTM Malaysia 2007.
7. Nik Ahmad Hisham Ismail,2015,Rediscovering Rogerss Self Theory and Personality, Institute of Education, International Islamic University Malaysia (IIUM).
8. Paul T. CostaRobert R. Mccrae, 1998, Trait Theories of Personality.
9. Stacey T. Lutz& William G. Huitt,2005,Connecting Cognitive Development and Constructivism. 10. James Fleming,2004, Piaget and Cognitive Development.
ت. چاوپێكەوتن:
1.فرانۆ ئێڤیزا، basnews، .22/8/2020